

## هەنگاوی یەکەم:


١ـ ناوێکی بازرگانی بۆ کۆمپانیاکەت هەڵبژێرە لە وێبسایتی **https://business.digital.gov.krd** و بە دوای ناوی بازرگانیەکەت بگەڕێ بۆ ئەوەی دڵنیابیت کە ئەم ناوە بازرگانیە لەسەر ئاستی هەرێم پارێز بەندی نییە بۆ کەسێکی تر، ئەگەر پارێز بەندی هەبوو لەسەر ئاستی پارێزگا یان قەزا بۆ پیشەیەکی دیاری کراو دەتوانی بەکاری بهێنیت بۆ کۆپانیا.





٢ـ کلیک بکە لەسەر : تۆمارکردن دەست پێبکە



٣ـ تۆمارکردنی کۆمپانیا هەڵبژێرە و پاشان کلیک بکە لەسەر بەردەوام بون




٤ـ ڕەگەزنامەی کۆمپانیا و جۆری کۆمپانیا و جۆری چالاکی هەڵبژێرە و پاشان کلیک بکە لەسەر هەنگاوی دواتر:




تکایە لە کاتی هەڵبژاردنی چالاکی دەتوانی زیاتر لە چالاکیەک هەڵبژێریت و هەموو جۆرە چالاکیەکی تێدایە بۆ نموونە لە بازرگانی گشتی دەتوانی ئەمانە هەڵبژێریت وەک نموونە:








چاڵاکیەکانی ئەمنی و بەدواداچوونی نیشینگەی بیانیان و هێنانی دەستی کاری بیانی و گەشت و گوزار




٥ـ ناوی کۆمپانیا بە سێ ڕەنووسی کوردی وعەرەبی وئینگلیزی بنووسە و دیاری بکە ناوەکە لە بنەتەردا بە چ زمانێکە و پاشان هەنگاوی دواتر هەڵبژێرە ( تکایە ناوی کۆمپانیا تەرجەمە مەکە لەکاتی نووسینی بە عەرەبی وئینگلیزی بە پێچەوانەوە ڕەفز دەکرێتەوە):



**٦ـ ناونیشانی تەواوی کۆمپانیا بنووسە:**
**تکایە ناوی پارێزگا و قەزا و گەڕەک و  شەقام و ژمارەی شەقام و ژمارەی خانوو بنووسە  پاشان کلیک بکە لەسەر هەنگاوی دواتر.**




٧ـ سەرمایەی کۆمپانیا بە ژمارە بنووسە و پاشان کلیک لەسەر هەنگاوی داهاتوو بکە:




٨ـ زانیاری خاوەن پشکەکان بنووسە و کلیک بکە لەسەر زیادکردنی خاوەن پشکی نوێ :



دوای کلیک کردن لەسەر زیادکردنی خاوەن پشکی نوێ ئەم لاپەڕەیە دەکرێتەوە و گشت زانیاریەکانی تایبەت بە خاوەن پشک دەبێت بنووسرێت کە داواکراوە لەگەڵ هاوپێچ کردنی بەڵگەنامە داواکراوەکان و پاشان کلیک لەسەر هەنگاوی دواتر بکە ( تێبینی : تکایە ئەگەر زیاتر لە خاوەن پشکێک هەیە کلیک لەسەر زیادکردنی خاوەن پشکی نوێ بکە و بە هەمان هەنگاوی سەرەوە بەردەوام بە ئینجا کلیک لەسەر هەنگاوی دواتر بکە).

تێبینی: تکایە بۆ هاوڵاتیانی بیانی لە جیاتی ژمارەی کارتی زانیاری ژمارەی پاسەپۆرت بنووسن و لە هاوپێچەکانیش لە جیاتی کارتی نیشتیمانی وێنەیەک لە پاسەپۆرت هاوپێچ بکەن هەروەها لە جیاتی کارتی زانیاری کارتی نیشینگە هاوپێچ بکە یان ئەو لاپەڕەی پاسەپۆرت کە ڤیزەی هاتنە ناوەوەی هەرێمی لەسەرە.




٩ ـ زانیاری بەڕێوەبەری ڕێپێدراو بنووسە کە داواکراوە لەگەڵ هەڵبژاردنی دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبەری ڕێپێدراو و هەروەها دەتواندرێت دەسەلاتەکانی بەڕێوەبەر زیاد بکەیت ئەگەر لەسەر داواکاری خۆت وە پێویستە بەڵگەنامە داواکراوەکان هاوپێچ بکەیت، پاشان کلیک بکە لەسەر هەنگاوی دواتر : تێبینی: تکایە وێنەیەک لە فۆرمی بایۆمەتریش هاوپێچ بکە

تێبینی: تکایە بۆ هاوڵاتیانی بیانی هاوشێوەی خاوەن پشکەکان کە لەسەرەوە ڕوونمان کردۆتەوە لە جیاتی ژمارەی کارتی زانیاری ژمارەی پاسەپۆرت بنووسن و لە هاوپێچەکانیش لە جیاتی کارتی نیشتیمانی وێنەیەک لە پاسەپۆرت هاوپێچ بکەن هەروەها لە جیاتی کارتی زانیاری کارتی نیشینگە هاوپێچ بکە یان ئەو لاپەڕەی پاسەپۆرت کە ڤیزەی هاتنە ناوەوەی هەرێمی لەسەرە




١٠ـ زانیاریەکانی گرێبەستی دامەزراندن:

گرێبەستی دامەزراندنی ئەلەکترۆنی ئامادەکراوە بۆ وەبەرهێنەران بۆ ئاسانکاری و تەنها پێویستە ئامانجەکانی کۆمپانیا بنووسی بە پێی چالاکیەکەت ( دەتوانی تەنها چەند وشەیەک بنووسی بۆنموونە : بازرگانی کەل و پەلی کارەبایی و ئەلەکترۆنی)




هەروەها دەتوانی لەم خانەی خوارەوە مەرجی زیاتر بنووسی لە گرێبەستی دامەزراندن بە پێ ی ماددەی ٩٢ وە ٩٨ ، هەروەها پێویستە ناوی پارێزەرێک بنووسی کە رێکخەری ئەم گرێبەستی دامەزراندکەیە بەڵام ئەگەر هێستا پارێزەرت نییە دەتوانی بەم شێوەی لەناو دووکەوانە نووسراوە (.......................) خانەکە پربکەیتەوە و دواتر دوای دەرچوونی گرێبەستی دامەزراندن رێک بکەویت لەگەڵ پارێزەرێک و بەدەست ناوەکە بنووسیت، پاشان کلیک بکە لەسەر هەنگاوی دواتر.




١١ــ ئیمەیل


تکایە ئیمەیلی ئەو کەسەر بنووسە کە بەدواداچون بۆ مەمەڵەکە دەکات چونکە لە ڕێگەی ئەم ئیمەیلە ئاگادار دەکرێتەوە و هەر بەم ئیمەیلە دەتوانی فۆرمەکە ڕاست بکەیتەوە ئەگەر لە لایەن فەرمانبەر ڕەتکرایەوە بۆ چاکردنەوەی ئەگەر هەڵە لە پڕکردنەوەی فۆرمەکەت هەبوو، دوای نووسینی ئیمەیل کلیک بکە لەسەر ناردنی کۆد.




پاشان ئیمەیلەکت بەدەست دەگات کە کۆدێکی تێدایە لە شەش ژمارە پێک دێت بەم شێوەی خوارەوە:





ئەو کۆدەی سەرەوە لەم خانەیە بنووسە



١٢ـ ئەگەر دڵنیایت لە زانیاریەکان کە تۆمارت کردووە


کلیک لەسەر ئەو چوارگۆشەیە بکە لەبەردەم مەرج و ڕێسا گشتیەکان و پاشان کلیک بکە لەسەر کۆمپانیا تۆماربکە:




١٣ـ داواکاریەکەت بەسەرکەوتوویی دەگات بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان و چاوەڕێ بکە تا گرێبەستی دامەزراندنی کۆمپانیا بەدەستت دەگات.

( تێبینی١: بەدەست گەیشتنی گرێبەستی دامەزراندنی کۆمپانیا لە ماوەی ٢٤ کاتژمێری کارکردن تێپەڕ ناکات، ئەگەر لەم ماوەیە بەدەستت نەگەیشت تکایە پەیوەندی بەم ژمارە تەلەفۆنە بکە )

تێبینی٢: بۆ ئەوەی بزانیت ئەم داواکاریە و داواکاریەکانی پێشووت لە چ قۆناخێکدایە کلیک لەسەر ئەم ئایکۆنە بکە و پاشان بازرگانیەکان هەڵبژێرە.



پەنجەرەیەکی بەم شێوە دەکرێتەوە کە گشت مامەڵەکانی خۆت دەبینیت و دەزانیت کە لە چ قۆناخێکدایە:



## هەنگاوی دووەم:

١ــ گرێبەستی دامەزراندن کە لە رێگەی ئیمەیل بەدەستت دەگات لەگەڵ ئیمەیلەکەت پرنت بکە و ببە بانقێکی حکومی یان یەکێک لەو بانقە ئەهلیانەی کە لە تابلۆی ئاگاداریەکان هەڵواسراوە لە بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان و بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر ــ سلێمانی ــ دهۆک و ئەژمێری بانقی بکەوە بەناوی کۆمپانیا و پشتگیریەک بهێنە کە ئاراستەی بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی پاریزگاکەی خۆت بکرێت ( تێبینی: ئەو کۆمپانیایەی لە هەولێر دادەمەزرێت ئاراستەی بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بکرێت) .

٢ــ گشت وێنەی رەسەن و کۆپی بەڵگەنامە و داواکراوەکان کە لەسیستەم هاوپێچت کردووە ببە بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی پاریزگاکەی خۆت ( تێبینی: ئەو کۆمپانیایەی لە هەولێر دادەمەزرێت سەردانی بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بکە).

٣ــ دوای وردبینی کردنی بەڵگەنامەکان و بژاردنی رسومات لەیەک سەردانی فەرمانگە بروانامەی دامەزراندنی کۆمپانیا وەردەگریتەوە ئەگەر خاڵی دووەم بە تەوای جێ بەجێ بکەیت.

ئامادەکردنی: بەرێوەبەرایەتی تۆمارکردنی کۆمپانیا نیشتیمانیەکان

لە بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

١ / ٦/ ٢٠٢٣